# دروشمی (بەرەو خانووە قورەکان) لەنێوان سەرەتاو ئەنجامدا

مەحمود قەرەداغی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەرەتای دروستبوونیەوە پشتی بەکۆمەڵانی خەڵکی چەوساوەی کوردستان بەست و لەناوجەرگەی چینوتوێژە هەژارەکانەوە سەریهەڵداو گەشەی کردو هەر بەپشتیوانی و توانای راستەوخۆی ئەوان لەقۆناغێکی هەستیاری ناسکی مێژووی گەلەکەماندا گیانی مقاوەمەتی کردەوە بەبەر جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورددا و درێژەی بەکاروانی خەباتێکی سەخت و بێوچان دا، بۆیە پشت بەستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەکۆمەڵانی خەڵکی هەژارو چەوساوەکان لەئەنجامی واقیعی دروستبوونی خۆی و ئەزموونی درێژخایەنی بووە لەو بوارەداو خاڵی جەوهەری پێکهێناوە لەبەرنامەی گشت کۆنگرەو کۆنفرانس و کۆرو کۆبوونەوەکانیداو جەخت لەسەر ئەو لایەنە کراوەتەوە کە دەبێ پشتیوانی چینوتوێژە زەحمەتکێش و رەش و رووت و هەژارەکانی گەلەکەمان لەبیرنەکرێ و ئامانج و بەرژەوەندییەکانیان لەبەرچاوبگیرێ و چاکەیان بدرێتەوە لەکاتی وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسیدا.

دوای راپەرین و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دواتریش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەو پەیوەندییە دیالیکتیکی و راستییە جەوهەرییەی لەبەرچاوی خۆی گرتووە بەتایبەتی هەڤاڵ مام جەلال کە بەردەوام لەرێنمایی و وتەکانیدا داوای وابەستەیی و گەشەپێدانی کردووە.

هەر بۆئەوەش دوای هەڵبژاردنی یەکەم ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی لە3ی شوباتی 2000دا چەند جارێك سەردانی کردین کە یەکەمیان لە12ی شوباتی 2000دا بوو بۆ پیرۆزبایی لێکردن و دووەمیان لە26ی ئاداری 2000دا بوو کەرێنمایی و ئامۆژگارییەکانی خۆی پێشکەشکردین و وەکو (کارنامە)ی داهاتوومان جەختی لەسەر ئاوەدانکردنەوەی شاری سلێمانی و جوانترکردنی و گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ هەموو لایەکی شارو بەپلەی یەکەم و بەپەلە بۆ گەرەکە هەژارەکان (کە بەدرێژایی مێژووی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد سووتەمەنی شۆرش و راپەرینەکان بوون و بێبەشکراون لەهەموو پێویستییەکانی ژیان و دەبێت ئەم ئەنجومەنی شارەوانییە کە بەدەنگ و ویستی ئەوان هەڵبژێراوە ئەمرۆ چاکەیان بداتەوەو لەخزمەتیاندا بێت).. هتد, سەرەتای بەرنامەکەشی بەم شێوەیە بۆ دیاریکردین:

1-پشت بەخۆبەستن بەهۆی چاك رێکخستن و کۆکردنەوەی داهاتی شارەوانییەوە.
2-پشت بەستن بەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەهەموو دۆست و لایەنگرو ئەندامەکانیەوە.
3-پشت بەستن بەهاوکاری و یارمەتی و بودجەی حکومەت.
4-هاندانی دەوڵەمەندو خاوەن سەرمایەکان بۆ دروستکردنی پرۆژەی جۆراوجۆری ئابووری و وەبەرهێنانی سەرمایەکانیان.
5-دانانی پلان و بەرنامەرێژکردن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی شارەوانی.
6-سوودوەرگرتن لەبریاری 986.
7-دروستکردنی پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکیداو پرس و را وەرگرتنیان.
8-گرنگیدان و پەرەپێدانی بەشی راگەیاندن و رەنگدانەوەی پلان و کارەکان لەرادیۆو تەلەفزیۆن و رۆژنامەو گۆڤارەکاندا.
9-گەیاندن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ خانووە قورەکان واتە (گەرەکە هەژارەکان).. هتد.

هەروەها بەرێزی لەئێوارە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی ئەنجومەنی شارەوانی رۆژی شەممەی رێکەوتی 1ی ئەیلولی 2001دا بەشداریکردو جارێکی تر جەختی لەسەر دروشمی (بەرەو خانووە قورەکان) کردەوەو تانووسینی ئەم وتارەش بەدواداچوونی بەردەوامی تەواوی لەو بارەیەوە هەبووەو هەر کەموکورتی و لادانێکی تیا بەدیکردبێت هەوڵی چاککردنی داوە.

ئێمەی ئەنجومەنی شارەوانی سوودی زۆرمان لەو رێنماییانە وەرگرت و کردمان بەدروشمی کارنامەی خۆمان و توانیمان بۆچوونی هەندێ لەهاورێیانی ئەندامی ئەنجومەن راست بکەینەوە (کە پێیان وابوو دەبێ بەپلەی یەکەم خزمەتی ئەسڵی شارەکە بکرێ و گەرەکە هەژارەکانیان بەخەڵکی لادێکان و هاوردە دادەناو خزمەتگوزاری شارستانیان پێ رەوانەدەبینین لەکاتێکدا ئەو گەرەکە لادییە هەژارنشینانە زیاتر لە80%ی دانیشتوانی شاری سلێمانی پێکدێنن).

ئێمە بەتوانایەکی کەمەوە توانیمان وەکو نوێنەری هەموو شارو بەگوێرەی یاسای ژمارە (6)ی ساڵی 1993ی بەرێوەبردنی شارەوانییەکان و رێنماییەکانی بەرێز مام جەلال پرۆسەی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەموو شار فەراهەم بکەین کە لەحەفتا ساڵی رابردووی ژێردەستەیدا لێی بێبەشکرابوو، بەدابەشکردنی بەسەر دوو لایەن و (4) قۆناغی ئیشکردندا بەگوێرەی بودجەو داهاتی لەدەستابووی شارەوانی سلێمانی بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: جێبەجێکردنی خزمەتگوزاری تەواو (ئاو، ئاوەرۆ، کۆنکرێت و قیرتاوکردن، باخچە) کە بەشی هەرە زۆریان تەواوکراون یان لەقۆناغی کۆتاییدان وەکو گەرەکەکانی خەبات، زمناکۆ، شێخ محێدین، کارێزەوشك، مەجیدبەگ، شەهیدانی ئازادی، دەباشان، شەکرەکە، زەرگەتە، شارەوانی، رزگاری، شێوی قازی، چوارباخ، دەرگەزێن، پیرمەسور، برایم پاشا، گاوران، مەڵکەندی، سەیوان، سلێمانی تازە، ریعایە.

دووەم: جیبەجیکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری (ئاو، ئاوەرۆ، کۆنکریت و قیرتاو، باخچە) کە دراون بەکۆمپانیاکان و حاڵی حازر ئیشیان تیادەکری و لەماوەی دیاریکراوی خۆیاندا ئەو خزمەتگزاریانە تەواودەکرین وەکو گەرەکەکانی وڵوبە، شیخ عەباس، مامەیارە، رۆژهەڵات، گۆیژە، سەروەری، هەوارەبەرزە، جولەکان، قالاوا، زەرگەتەی کۆن، سارداو، سەرشەقام، شەهیدانی سەرچنار، سەرچنار.

سییەم: ئەو گەرەکانەی کاری هونەریيان بۆ کراوەو پارەی پیویستیان بۆ تەرخانکراوەو نیردراون بۆ دەزگای پرۆژە تایبەتییەکانی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بۆئەوەی لەریگەی کەمکردنەوەی نهینییەوە بدرین بەکۆمپانیاکان و لەوەرزی ئیشکردنی ئەمساڵدا دەستبەکاردەبن بۆ پیشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان وەکو گەرەکەکانی باخی شیخ لەتیف، هۆمەرمەندان، مەلا کەمال، حەمە مستەفا، دلیران، حاجیاوا، کانی کوردە، ئاوارەکانی زیرینۆك، ئازادی.. بەمەرجیك ئاوو ئاوەرۆو باخچەیان بۆ دابینکراوەو بەشیکی زۆریش لەکۆڵان و شەقامەکانیان قیرتاوکراوە جگە لەکانی کوردە کە تەنها تۆری ئاوی بۆ جیبەجیکراوە.

چوارەم: دیزاینکردنی ئەو شوینانەی کە زەویەکانیان دابەشکراوە بەسەر هاووڵاتیاندا لەریگەی نووسینگە ئەندازەییەکانەوە بۆئەوەی دوای تەواوکردنی کارە هونەرییەکان بنیررین بۆ دەزگای تایبەت و بدرین بەکۆمپانیاکان بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاری لەگەرەکە تازەکاندا کە دەکەونە کەرتەکانی قەرەتۆغان و هۆمەرەکویرو قرگەو کەڵەکن و کانی سپیکەو زەرگەتە.

پینجەم: دروستکردنی دەیان باخچەو تەواوکردنی پارکی ئازادی و دەروازەی رۆژهەڵات و بناغەدانانی پارکی شار.

شەشەم: دابینکردنی زەوی بۆ خاوەن سەرمایە وەبەرهینەرەکان لەکایەکانی پیشەسازی و بازرگانی و گەشتوگوزارو دروستکردنی بازاری هاوچەرخدا.

*جیگری ئەنجومەنی شارەوانی سلیمانی